

# شيعرو فةلسةفة

## بةشي ضوارةم و كؤتايي

دارا مةحمود

## تةسةوف لة نيوان شيعرو فةلسةفةدا:

بێهیوایی و ڕەشدیتنی ژیان، ڕەنگە هەندێك جار مرۆڤ ناچار بكەن لە ژیان ڕابكات. و زۆربەی ڕەشبینان لە گۆشەگیری و دوورەپەرێزی و چوونە ناو خەڵكدا و زۆربەشیان تا مردن لەتەنیایی و ڕەبەنیدا بەسەردەبەن. بەڵام بەلای هەندێكانەوە چارەسەریی ڕاكردن نییە لەتەواوی ژیان بەڵكو لە خۆشیەكانییەتی. و دیتنەوەی ئامانجگەلێكی گەورەتر لە خۆشی و چێژەكانی ژیان. ئەویش گەڕان بەدوای حەقیقەتداو كشان بەرەو تۆكمەبوونی ڕەها (الكمال المطلق)ە.

سوكرات دەڵێت: یەك لە سیفاتەكانی خوا، ئەمەیە كە پێویستی بە هیچ شتێك نییە. هەركەسیش بخوازێت لەخوا نزیك بێتەوە دەبێ سیفاتی ئەو وەربگرێت و لە پێویستییەكانی خۆی كەمكاتەوە و لەبەر ئەوەش خوا (كمال المطلق)ە كەواتە نزیكبوونەوە لەو نزیكبوونەوەیە لە (كمال). 39

خواستە جیهانییەكانی مرۆڤ، تێرنەبوون و گەڕان بۆ خواستی تری بەدواوەیە كە سەرئەنجام كێشەو شەڕی بەدوادا دێت. بۆیە مرۆڤ بەپێی ئەم تیۆرییە بۆ ئەوەی لەشەڕ دووركەوێتەوە دەبێ دەست لەخواست و حەزو ئارەزووەكانی خۆی هەڵگرێت. كە ئەمەش بنەمای تەسەوفە. واتا سۆفی هەمیشە لەگەڵ دەروونی خۆی و حەزو ئارەزووەكانیدا لەشەڕدایە. و یەك لە پرەنسیپە هەرەسەرەكییەكانی سۆفگەریی بچووكردنەوەی نەفسی مرۆڤ و بەربەرەكانی ئەو نەفسەیە : ئەوەتا نالی دەڵێت:

موتمەئین خاترو ئەیمەن مەبە هەرگیز لەشەڕی

نەفسی ئەممارە كە ئەم مارە لەگەڵ تۆ شەڕی یە

واتا هیچكات، مل بۆ نەفسی خۆت كەچ مەكە كە بەرەو چێژو حەزو خۆشی پەلكێشت دەكات و ئەم نەفسە بەردەوام هەروەك مارێكە كە لەگەڵ تۆدا شەڕیەتی و یانیش (ئەممارە) واتا فەرماندارو جڵەوكێشی تۆیە..

یان:

ئەسپی نەفەست دێت و دەچێت گەرمە عەنانی

ئەی مەستی ریازەت هەلە ، هوشیاری جلەو بە40

واتا تۆ کە بە حسابی خۆت خەریکی پەروەردەکردنی نەفسی خۆتی، هیچ ئاگات لێیە ئەو نەفسە چۆن وەك ئەسپێکی سەرشێت خەریکی ڕابواردنە...؟ و بەمجۆرە خۆی هۆشیار دەکاتەوەو دەڵێ هێی! هۆشیاری جڵەوی ئەسپی نەفەست بەو مەهێڵە هێندە بەلای دڵچەرێنیدا بڕوات.

غەزالیش کە یەك لە پێشەوایانی سۆفیزمی ئیسلامییە دەڵێت: (ئەرکی سەر شانتە، خۆت بە حەقیقەت بگەیت تا بزانی تۆ چیت. و لە کوێوە بۆ ئەم شوێنە هاتوویت. و بۆچی خولقێنراوی. بەختەوەریی و بەخت ڕەشیەکانت لە چیدان. وتۆ لەناختدا خەسلەتگەلێکت خڕکردوونەوە: هێندێکیان خەسڵەتی ئاژەڵ و هێندێکی تریان هی درندەو ئەوی تر خەسسڵەتی فریشتانن. گیان حەقیقەتی گەوهەری تۆیە. ئەوانی تر هەموو بەتۆ نامۆن و لێاین بێبەریی. ئەرکی تۆیە کە ئەم ڕاستییە بزانیت: خۆشبەختی ئاژەڵ لە خواردن و خواردنەوەو نووستن و نیکاح دایە. ئەگەر لەوانی تا دەتوانی کاری ناشایست ئەنجامدەو دڵچەرێنی بکە. خۆشبەختی دڕندانیش لە پەلاماردان و خراپکردندایە. خۆشبەختی شەیتانانیش لە مەکرو شەڕو فێلبازیدایە. جا ئەگەر لەوانی ئەوە وەك ئەوان بکە. بەلاّم خۆشبەختی فریشتان لە دیتنی جوانی خواوەندیدایە....جا ئەگەر لە گەوهەری فریشتانی ئەوە تێبکۆشە بۆ ناسینی ڕەچەڵەکت...)41

گوتمان کە شیعری سۆفیانە کشانە بەرەو جیهانێکی بێکۆتایی. بەلاّم بەهەبوونی ناکۆکییەکەوە. ناکۆکی نێوان فراوانبوونەوەو چوارچێوەداربوون. فراوانبوونەکە لەوجێگایەدایە کە لەجیهانی دەوروبەرو مادی دەچێتەدەرەوەو. سنووردارێتیەکەش کە ڕووبەڕووی دیواری باوەڕ ڕەها دەبێتەوە. لەفەلسەفەدا سنووری گومان بێکۆتاییە. بەلاّم لەتەسەوفدا هەموو شتەکان گومان هەڵناگرن. دالامبر دەڵێت: ئەوەی کە بە باوەڕی من ڕاستە، بەیانیان لەلای ڕاستمەوەیەو نیوەڕۆیانیش لەلای چەپمەوە.42 واتا دەکرێ کاتێك شتێکی لا پەسەند بێت بەلاّم پاش ماوەیەکی تر هەمان شت ڕەتکاتەوە. چونکە بیری مرۆڤ لەگەڵ بەدەستخستنی ئەزموونی نوێ و زانیاریی زۆرترو بەراوردو ڕاڤەکردندا گۆڕانی بەسەردابێت. بەلاّم لەتەسەوفدا باس لە (حەقیقەتی ڕەها دەکرێت) و ئەم حەقیقەتی ڕەهایە لەهیچ سەردەمێکدا گۆڕانی بەسەردا نەهاتووەو نایەت.

هەروا تەسەوف خاوەنی دوو دیوە: دیوی یەکەم، بەحوکمی چوارچێوەداربوونی باوەڕی سۆفیانە، شاعیر بخوازێ یان نا، دەکەوێتە ناو جۆرە گۆشەگیرییەکەوە کە دەکرێ لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا بخولێتەوەو بەدوای کۆمەڵە پرسیارێکەوە بێت کە ڕەنگە سەردەمی ئەو پرسیارانە یان لانیکەم شێوازی دەربڕینیان، بەسەرچووبێت. جیهانی فەلسەفە تەنیا جیهانی بیرکردنەوە نییە بەڵکو گەڕان و توێژینەوەو خوێندنەوەو هەڵگرتنەوەی ئەزموون و دەوڵەمەنکردنی ئەنباری مێشکە. لەحاڵێکدا ئەم دیوەی تەسەوف دابڕانە لەژیان و خەڵك و ئەزموون و خۆشی و ناخۆشیەکانی. لە فەلسەفەدا پەیوەندی قوتابی و مامۆستا هەیە. بەلاّم لەتەسەوفدا پەیوەندی شێخ و موریدە...ئەوەی ئێمە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا لە پەیوەندی بە فەلسەفەوە دەیبینیین گۆشەگیریی و چوارچێوەداربوونی بیرکردنەوەو خەیاڵە..ئەمە هەرگیز بەواتای ناشایستە نیشاندانی شیعری کلاسیکی کوردی و

کەمکردنەوەی بایەخی شیعری تەسەوفی کوردی نییە. بەڵکو شتێکی گشتییەو هەمووان دەگرێتەوە. تەنانەت شاعیران خۆیان دان بەمەدا دەنێن و بڕوانە نالی چی دەڵێت؟:

بەزمی هوزارە، قەل فڕی، ئەغیارە دەوری گوڵ

سۆفی، بـڕۆ، مـەبـە دڕك، تۆ لـە ئـێمـە نـی

واتال سۆفی مرۆڤێکی گۆشەگیرو دابڕاوە لەخەڵك و سروشت و جوانی و دڵی بەهیچ خۆش نییەو بەردەوام لەگفتوگۆو کێشەدایە لەگەڵ خۆی و نەفسی خۆیدا.

بەڵام هەموو دیوەکانی جیهانی سۆفیگەریی هەروا وشك و بێ ئاو نییە کە جگە لە درەختی بێ بەرهەمی گۆشەگیریی سەوزاییەکی تێدا شین نەبێت. بە پێچەوانەوە دیوێکی تریشی هەیە کەجیهانێکی سەر سەوزو بە پیتە. و بەرهەمهێنانیشی دەکەوێتە سەر باخەوانەکەی. جیهانێکی پڕ لە عەشق و ئەوین و جوانیی و کشانە بەرەو کامڵی و تۆکمەبوون جیهانێك کە هێندە پڕە لەئەوین گەردوون بەخۆی ناگرێت و بڕوانە عەتاری نیشابوری چ وەسفێکی ئەوینی خوداوەندی دەکات و چی دەڵێت:

اهی کە عاشقانت از حلق جان برارند

هەم در زمان نیاید هم در مکان نگنجد

واتا ئەو ئاهەی ئەویندارانت لەگەرووی گیانیانەوە دەردەچێت نە زەمان بەشی دەکات و نە جێگایەك بەخۆی دەگرێت.

## مردني شيعرو فەلسەفە:

دەمێك ساڵە مژارگەلێك بەناوی مردنی شتەکان!!! هاتۆتە ئاراوە و بەم ساڵانەی دواییش و هاوکات لەگەڵ گۆڕانکارییە گرنگەکانی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی کە سیستەمی گلۆبالیزم لەگەڵ خۆیدا هێنای ، چەمك و دەستەواژەگەلی وەك مردنی دیرۆك، ئایدیۆلۆژیا، فەرهەنگ، ڕەخنە،...تەکانێکی تری بەگوڕوتینی خۆیداو ئەم بابەتانە بوونە مژاری باس و لێکۆڵینەوەو ئەم دیدە هاتە گۆڕێ کە گلوبالیزم بەواتای مردنی شتەکانە. هەر لەم دیدەوە پرسی مردنی شیعرو مردنی فەلسەفەش نەك هەر وەك ئەگەرو شیمانە بەڵکو بۆ هەندێکان وەك باوەڕێکی نەگۆر سەریهەڵدا..بەڵام ئەگەر ئێمە لەو تیۆری و بۆچوونە جیهانیانەش دوور کەوینەوە کە ناڕاستبوونی گەلێکیان سەلموە، ئایا وەك واقیعێك کە دەیبینین و هەستی پێدەکەین شتێکی وا لە ئارادایە..؟ خۆ هێشتا هەواڵێك لە گلوبالیزم نەبوو کە نیچە گوتبووی: خوا مردووە. و هایدگەریش دوای ئەو درێژەی بەهەمان بۆچوون دا کە زەمانی ئێمە زەمانی نیازە. چونکە لەژێر سایەی دوو نەبوونێکی دووچەنداندا بەسەر دەبەین. نەبوونی ئەو خوایانەی کە هەڵاتوون و ئەو خوایانەش کە لەحاڵی هاتندان.43 ئەدینۆسیش لەساڵی 1989وە باس لەمردنی ڕەخنەی ئەدەبی دەکات. لەبەرانبەر لایەنگرانی ئەم ڕەوتە (ئەگەر بکرێ ناوی بنێین ڕەوت) هێزێکی مەزنی بەرهەڵستکاری و ڕەتکردنەوەی ئەم بۆچووەنانەش وەك کاردانەوەیەکی سرووشتی سەریهەڵدا. هەرچۆنێك بێت باوەڕهێنان بەمردنی شتەکان!! ڕاست بێت یان چەوت، لەسەربنەماگەلێکی لۆژیکی و بابەتییانە و لەسەردەستی بیرمەندانی پلە یەك لەسەر ئاستی جیهانی، هاتەکایەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کە کاردانەوەو

ڕەتکردنەوەکانیش بە گشتی لە لۆژیك و بابەتیبوون بەدوور نەبوون بەڵام بەشی هەرە زۆریان وەك کاردانەوەیەکی سرووشتی لە بەرانبەر مەرگ و لەناوچوون و هەوڵدان بۆ بەردەوامبوون و پاراستنی کولنوورو کەلەپووری خودیی بوون تا ئەوەی ڕەتکردنەوەیەکی واقیعبینانە بن. مرۆڤ بەسرووشتی خۆی بوونەوەرێکە خەسڵەتی ڕاهاتنی تێدایەو بە ئاسانی دەستبەرداری ئەوهەلومەرجانەی ڕۆژگارێك مایەی شانازی و سەرفرازیی بوون نابێت.

بەڵام چما پەلە لەڕەتکردنەوەی مەرگی شتەکان بکەین. مەگەر هەمووشتێك سەرەتاو کۆتایی نییە. مەگەر ئەوەنییە مرۆڤ بۆخۆشی دەبێت و دەژی و سەرئەنجامیش دەمرێت.؟ مەگەر کۆنبوون و پیربوون و لەکارکەوتن خەسڵەتی سەرتاپای گەردوون نییە.؟ شیعرو فەلسەفەو فەرهەنگ لەچاو تەمەنی زەوی و مەنزومەی خۆرو سەرتاپای گەردووندا چیین...؟ ئێمە هێشتا نەمانگووتووە کە سەردەمی شیعرو فەلسەفەو شتەکانی تر بەسەرچووەو لەچاوەڕوانی مەرگدا بەسەردا دەبەن. بەڵام با پرسیارەکان بەجۆرێکی ترو لەقاڵبێکی تردا دەربڕین: میراتگرانی شیعری فەرانسی بۆدلێر، مالارمە، رامبو..کامانەن. لە دوای پۆشکین و مایکوفسکی و چەند دانە شاعیری تر کامانەن ئاڵاهەڵگرانی شیعری ڕوسی..؟ فەلسەفەی ڕۆژئاوایی لەدوای مردنی جاك دریداو خڕبوونەوەی لەناو بازنەی چالاکی هزری چەند دانە فەیلەسوفی پیری وەك یورگن هابرماس لە ئەڵمانیاو جیانی فاتیمۆ لە ئیتالیاو ریچارد رورونی لە ئەمەریکاو فرناندۆ سارانز لە ئیسپانیا... چ ئاسۆیەکی لەبەر دەمدایە...؟ لە ڕۆژهەڵات کوا ئەدەبیاتی عیرفانی و سۆفیگەریی..؟ مەگەر گومان دەکەین کە زۆردەمێکە مردووە..!؟ دیسان دەڵێم: ئێمە هێشتا دانمان بە مردنی شیعرو فەلسەفەدا نەناوە. بەڵام دەبێ بەر لەهەر شت لە خەسڵەتی ئەو مەرگە بدوێین. مەرگ چییە..؟ ئایا لە ناوچوونی ڕەهاو بوون بە عەدەم، یان گۆڕانە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر. .؟ ئایا ناتوانیین بڵێین پێویستییەکانی مرۆڤ گۆڕانییان بەسەردا دێت.؟ یا مادام ئێمە باس لەمەرگ دەکەین با هەر بڵێن کاتێك بەشێك لە پێویستییەکانی مرۆڤ، حەزو ئارەزووەکانی، شێوازی دیدو بیرکردنەوەی، دەمرن و هی نوێ لە دایك دەبن، ئایا ناکرێ شیعرو فەلسەفەش بەم شێوازەی کە هەن بمرن و هی نوێ لەدایك ببن؟.

ئەگەر هەر بەگریمانە دایبنێین و بپرسین ئەگەر مەرگی شتەکان یان مەرگی مرۆڤ لە ئارادا نەبووایە ژیان چۆن دەبوو؟ درووست نازانم هەمومووڵایەنەکانی ڕوونکەمەوەو پێشبینی بکەم بەڵام مەگەر بەچەند مەرجێکەوە دەنا بەدڵنیاییەوە دەڵێم، تەحەمول نەدەکرا..!هەر بەمجۆرە چۆن دەکرێ باس لەشتی نەمر بکەین.؟ شتەکان وەك حەتمییەکی دیرۆکی و سرووشتی دەبێ بمرن و جارێکی تر لە دایك ببنەوە..! جوانی شتەکان بەهەبوونی مەرگیانەوەیە. جوانی ژیان لەوەدایە کە مەرگ هەیە. جوانی گوڵێك لەوەدایە کە دەزانین سەرئەنجام دەژاکێت و هەڵدەوەرێت. و جوانی سەرجەم کەلەپوورە جیهانییە بایەخدارەکانی وەك، پەیکەرەکەی ئەبولهۆل و بودا، پیرامیدەکان، دیواری چین، کڵێسای نۆتردام...هتد هەر هەموویان بایەخیان لە هەبوونی کۆنبوون و خراپبوونیاندایەو ئەگەر هاتبایە هیچکات خراپ نەبوونایە کەس بایەخی پێنەدەدان و سەرئەنجام جوانییەکیان تێدا نەدەما.

مەرگ وەها بە ژیانەوە بەستراوەتەوە کە بێ مەرگ ژیانێکیش لە ئارادا نابێت. ژیان بە هەبوونی مەرگ، و جوانی بە هەبوونی ناشیرینی، و خۆشی بە هەبوونی ناخۆشی، و باشی بە هەبوونی خراپی، و ...هتد واتاو چەمك بەخۆیانەوە دەگرن. بە واتایەکی تر ئەگەر مەرگ نەبووایە نە ژیان، نەجوانییەك ، نە داهێنان و خوڵقاندن لە ئارادا دەبوو..! هەموو شێك دەگوزەرێ و دەڕواو هەموو شتێکیش دەمێنێتەوە.

لەتیۆری مەرگی شیعرو فەلسەفە و شتەکانی تردا دەکرێ زۆر ڕاستی و لە هەمان کاتدا چەوتی ببینینەوەو دەشکرێ بەچەندان شێواز تەئویلی کەین و بەو ڕێچکەیەدا بیبەین کە دڵمان دەیخوازێ یان باوەڕمان پێیەتی. بەڵام یەك لەگرفت و کەموکوڕیە گەورەکانی ئەم تیۆرییە چوارچێوەدارکردنییەتی لە جیوگرافیاو مێشکی ڕۆژئاوادا. ئاخر بۆ نموونە چون دەکرێ ئێمە باس لە مردنی ڕۆمان و ڕەخنەی ئەدەبی و فەلسەفە... بکەین کە هێشتا لەناو ئێمەدا لەدایك نەبوون.! بەش بە حاڵی خۆم باوەڕم بەمە هەیە کە مەرگی شیعرو فەلسەفە بەم شێوازەی هەیە لە ڕۆژئاوا لە حاڵی واقیعدایە...بەڵام پێشبینی لەدایکبوونێکی تریش کەلەعەقڵی ڕۆژئاوا بەدوور نییە، ڕەتناکرێتەوە. کاریگەریی تەکنەلۆژیاو ئەنتەرنێت لەسەر گۆڕینی حەزو ئارەزووەکانی مرۆڤ و شێوازی مامەڵکردنییان لەگەڵ سەرتاپای ژیان و گۆڕینی دیدی مرۆڤەکان و گۆڕینی سەرچاوەو کەناڵەکانی بەدەستخستنی زانیاری و گۆڕینی گرفت و کێشەکانی مرۆڤ لە شێوازێکەوە بۆ شێوایێکی ترو گۆڕینی شێوازی دابەشکرن و سوودوەرگرتن لە فاکتەری کات و زۆربوونی لەژمارنەهاتووی بەرهەمە مادی و هەروا هزرییەکان... ئەم حەتمییەتە دەهێننە ئاراوە کە شتەکان زوو کۆن بن. چونکە لێشاوی بەرهەمی نوێ بەردەوام لەڕێدایە.

گەرچی ئەم کارییگەرییە بە ڕادەی جیاواز هەموو جیهان دەگرێتەوە. بەڵام هێشتا جیاوازی فرە دید، فرە فەرهەنگ و کولتوو، فرە ئایین و فرە بەرژەوەندی لە جیهاندا حوکمفەرمایە. کەواتە ئەمەی بۆ جیوگرافیایەك و فەرهەنگێك راستە، مەرج نییە بۆ هەموو جیهان گشتی بکرێت. شیعرو ئەدەبیات و، فەلسەفە، لە ڕۆژهەڵات هەروەك سیاسەت و زانست و تەکنەلۆژیا بە ڕێچکەیەکی جیاواز لەوەی ئەوروپادا دەڕوات. بەڵام تۆ بڵێی ئەو پەتە هزرییەی لە ڕۆژئاوا دەپچڕێ لە ڕۆژهەڵات گرێ بدرێتەوە. تۆ بڵێی ئەو پەڕتووکەی لە ڕۆژئاوا دادەخرێ لە ڕۆژهەڵات بکرێتەوە. تۆ بڵێی ئەوەی لە ڕۆژئاوا کۆن دەبێت و پیردەبێت لە ڕۆژهەڵات مشتوماڵ بدرێتەوەو گیانی بەبەردا بکرێتەوە، تۆ بڵێی ئەمە لە توانای ڕۆژهەڵاتدا بێت...؟

## کۆتایی


**سەرچاوەو پەراوێزەکان:**

39- عادل العوا، مذاهب السعادة، دار الفاضل، دمشق 1991. ص30

40-شیعرەکانی نالی لە ڕووی ڕێنتووس و داڕشتنەوە، جیاوازیی لە نێوان سەرچاوە جۆربەجۆرەکاندا هەیە. کە لێرەدا بواری بەراووردکردن و ئاماژەکردن بە گشت ئەو سەرچاوانە لە تواناداننییەو پێشموانییە بۆ ناوەرۆکی ئەم باسە گرنگییەکی ئەوتۆی هەبێت.

41- عادل العوا. سەرچاوەی پێشوو ل75-76

42- م مصاحبة دیدرو- دالامبر. مترجم: ابوالحسن کیهانی_ انتشارات مهر ص45

43- هـ. ج. بلاکهام. شش متفکر اگزیستانسیالیست. مترجم: محسن حکیمی. نشر مرکز. تهران- 1368 ص109